


پێیوایە گاریس بەیڵ شایەنی ئەوەیە ئەستێرەی یەکەمی ڕیال مەدرید بێت..

# کرۆس جەنگی خۆی لەدژی ڕۆناڵدۆ دەستپێکرد

ڕووداوی وەرزشی - CNBC

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی، ئاشکرای دەکات نێوانی تۆنی کرۆسی یاریزانی ئەڵمانی یانەی شاهانە لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەکە خۆش نییەو دەڵێت «کرۆس پێیوایە کە نابێ چیدی ڕۆناڵدۆ ئەستێرەی یەکەمی یانەی شاهانە بێت».

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی داریۆ گۆڵی ئیسپانی، تۆنی کرۆسی یاریزانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی وا هەست دەکات، گاریس بەیڵ شایستەی ئەوەیە ئەستێرەی یەکەمی ڕیال مەدرید بێت، لەجیاتی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ.

ئەو ڕاپۆرتە باسی ئەوە دەکات، کرۆس گومانی لەوە هەیە دۆن ئەستێرەی یەکەمی مەدرید بێت، پێشیوایە بەیڵ شایستەی ئەوەیە لە شوێنی ئەو بێت، هەرچەندە ڕۆناڵدۆ بە هاتریکەکانی یارمەتی ڕیال مەدرید دەدات لە چامپیۆنزلیگدا، کەچی کرۆس هێشتا بۆچوونی خۆی نەگۆڕیوە «کرۆس پێیوایە ئیسکۆی دۆستە نزیکەکەی لەوانەیە سوودی زۆری بۆ تیپەکەی هەبێت، ئەگەرچی لە هەمان شوێنی ڕۆناڵدۆ لە باڵیش یاری ناکات». هەروەها لە ڕاپۆرتەکەی دیاریۆ گۆڵدا هاتووە «کرۆس پێیوایە ڕۆناڵدۆ ڕیال مەدرید وێران دەکات، چونکە یەکەمجار بیر لە خۆی دەکاتەوە». هەروەها نووسیویەتی «کرۆس دڵنیاشە لەوەی بەیڵ ئەو سیفەتانەی هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە پیاوی یەکەم لە ڕیال مەدرید، بەڵام ئەو بۆچوونەی خۆی ئاشکرا نەکردووە، لە ترسی ئەوەی کێشە لەنێو ژووری جلگۆڕینی ڕیال مەدریددا سەرهەڵبدات».


WWW.RUDAW.NET


ڕووداو وەرزشی

ژمارە (448) سێشەممە 2017/5/9 19ی گوڵان - 2717 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## ئەوەی مۆناکۆ دەیەوێ بیکات بە هەموو ئەوروپا نەکراوەو ئاتلێتیکۆش هەڵوەشایەوە..

# Mission Impossible





6


**نویەر:** بەراوردکردنی من بە بۆفۆن بێ ڕێزییە بەرامبەر جیجی

## جیجی بۆفۆن.. سەرکردەی ئەوروپا و شای جیهان



3


**شەریعەتی:** دەمەوێ بە بەرچاوی کامێراکانی ڕووداو مەدالیای زێڕ ببەمەوە




2



ئەستێرەی ئیڤێرتۆن و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا کەوتووەتە شێتخانە






4


ڕۆناڵدۆ (473)یەمین یاریپیکەری ئەوروپایە





5



## بۆدی کلاسیک

بۆ یەکەمینجار لە مێژووی وەرزشیی لەشجوانی عێراقدا 2 یاریزانی کورد لە ستایلی بۆدی کلاسیک نوێنەرایەتی عێراق دەکەن لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ یاری لەشجوانی. سەرتیپ ساڵح، یاریزانی لەشجوانی شاری سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «پاڵەوانیەتی لەشجوانی وڵاتانی ئاسیا ڕۆژی 2017/5/17 لە وڵاتی مەنگۆلیا بەڕێوەدەچێت، بۆ ئەو مەبەستەش ماوەیەکی زۆرە مەشقەکانم چڕکردووەتەوەو شانبەشانی عومەر فەیسەڵی پاڵەوان لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق بەشداری لەو پاڵەوانیەتییەدا دەکەین». سەرتیپ ماوەی 3 ساڵە لەسەریەک پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەدەستدێنێت.

### بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی یارییەکانی وڵاتانی هاریکاری ئیسلامی..

# پاڵەوانێکی ئۆڵیمپی (ڕووداو) بانگهێشت دەکات





**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی - سلێمانی**

پاڵەوانێکی ئۆڵیمپی ئازەربایجانی، سوپاسی (تۆڕی میدیای ڕووداو) دەکات بۆ ئەو بایەخەی بە بەردەوامی بە چالاکییەکانی داوەو وەک خۆی دەڵێت لە بەرامبەر ئەو چاکەیەی ڕووداو، بانگهێشتی دەکەم بۆ ئامادەبوون لە پاڵەوانیەتی یارییەکانی وڵاتانی هاریکاری ئیسلامی لە ئازەربایجان.

سەباح شەریعەتی، یاریزانی زۆرانبازی هەڵبژاردەی ئازەربایجان، کە بەڕەگەز کوردەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە ئۆڵیمپیادی ساڵی ڕابردووی ڕیۆ لە بەرازیل توانی لە کێشی 130 کیلۆگرامدا لەنێو 19 یاریزاندا پلەی سێیەم و میدالیای برۆنز دەستەبەربکات، لە پای گرنگیدانی بە تواناکانی و دەرخستنی ئەنجامەکانی و ئاشناکردنی بە خوێنەران، سوپاسی تایبەتی (تۆڕی میدیای ڕووداو) دەکات.

### «لە ئازەربایجانەوە مەدالیا زێڕینەکەم پێشکەشی گەلی کورد دەکەم»

سەباح شەریعەتی، تەمەن 27 ساڵ، لەدایکبووی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، 10 ساڵ زیاترە یاریزانی زۆرانبازییەو ماوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر ماڵباتی بەرەو وڵاتی ئازەربایجان گواستەوە، لە لێدوانێکی تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرایکرد «شانازییەکی زۆرە کە لەلایەن تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە گرنگییەکی زۆرم پێدراوەو جێگەی بایەخ بووم، هەر بەو هۆکارەشەوە بە فەخر و ئیفتیخارەوە میوانداری ئێوە دەکەم بۆ بەشداربوون لە یارییەکەم لە پاڵەوانیەتی هاریکاری ئیسلامی، کە بڕیارە ڕۆژی 2017/5/18 لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بەڕێوەبچێت».

ئەو پاڵەوانە بەڕەگەز کوردە، هەروەها گوتی «دەمەوێ بە بەرچاوی کامێراکانی ڕووداوەوە بتوانم میدالیای ئاڵتون دەستەبەر بکەم و پێشکەشی گەلی کوردی ئازیزی بکەم».

### شەریعەتی: دەمەوێ بە بەرچاوی کامێراکانی ڕووداو مەدالیای زێڕ ببەمەوە

شەریعەتی، کە وەک یەکەم یاریزانی هەڵبژاردەکەی لە پاڵەوانیەتییەکاندا پشتی پێدەبەسترێت، گوتیشی «ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی مەشقم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی هاریکاری ئیسلامی، کە ڕۆژی 2017/5/12 لە باکۆ دەستپێدەکات و چاویشم لەسەر دەستەبەرکردنی میدالیای ئاڵتونییە لە کێشی خۆم».

پاڵەوانیەتی یارییەکانی وڵاتانی هاریکاری ئیسلامی، لە ماوەی نێوان 2017/5/12 تاوەکو 2017/5/22 لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بە بەشداری زیاتر لە 45 وڵات بەڕێوەدەچێت.

### لە تەمەنی 74 ساڵیدا وەرزش دەکات..

# مام هادی.. پیرەمێردە گەنجەکەی چەمچەماڵ

**پێشەوا بەختیار**
**ڕووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ**

کە مرۆڤ ویست و ئیرادەی بەهێز بوو، دەتوانێت مەحاڵ بکاتە ڕاستی. ئەوەی بڕوای بەم قسەیە نییە، با سەیری مام هادی محەممەد مەملەحەیی بکات، کە دانیشتووی شاری چەمچەماڵە، ئەو پیاوێکی بە تەمەن پیرە، بەڵام بە توانا گەنجە. ئێستا لە تەمەنی 74 ساڵیدا وەک گەنجێک وەرزش دەکات.

هادی محەممەد مەملەحەیی، ڕۆژانە بەو تەمەنە گەورەیەوە خەریکی وەرزشکردنە، ئەو باسی ژیانی وەرزشیی خۆی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکات و دەڵێت «من لە ساڵی 2010وە دەستم بە وەرزشکردن کردووە، ئەویش بە ڕێککەوت بووە، دوای ئەوەی تووشی نەخۆشییەک بووم پزیشک دەرزی و دەرمانێکی زۆری بۆ نووسیم، بەڵام من بە پزیشکەکەم گوت من چارەسەرێکی دیکە بۆخۆم دادەنێم، دەرمانەکانی تۆ بەکارناهێنم، ئیدی دەستم بە وەرزش کرد».

مام هادی، کە تەنیا یەک وەرزش ناکات، بەڵکو یەکێکیشە لە مەلەزانە بەتواناکانی چەمچەماڵ، گوتی «لەو کاتەوەی دەستم بە وەرزش کردووە نازانم نەخۆشیی چییە، تەنانەت ئامادەم ڕکابەرایەتی لەگەڵ گەنجە بەتواناکاندا بکەم». هەروەها ناوبراو گوتیشی «من هەمیشە بە هاوژینم و کچ و کوڕەکانم دەڵێم وەرن وەرزش بکەن، با ئێوەش هەمیشە وەک من گەنج و تەندروست بن. داوا لە هەموو هاوڕێیانم و هاوتەمەنەکانم دەکەم ڕوو بکەنە وەرزشکردن، چونکە وەرزشکردن باشترین داو و دەرمانە بۆ ئەوان».

هادی محەممەد مەملەحەیی، باس لەوە دەکات کە هێندە حەزی لە وەرزشە، هەموو ڕۆژێ تەنانەت ئەو ڕۆژانەی ڕاهێنەرەکەی پشووشی بۆ داناوە، وەرزش دەکات.

زانا فەریق، کە ڕاهێنەری مام هادییە، دەڵێت «مام هادی وەرزشکارێکی بەتوانا و ئاستبەرزە، لە کاتی وەرزشکردن و جۆری وەرزشکردن و وەرگرتنی ڕێنماییەکاندا زۆر لە گەنجەکان باشترە».

شاخەوان هادی، کە پزیشکە و کوڕی مام هادییە، لەبارەی باوکییەوە گوتی «لەو کاتەوەی باوکم خەریکی وەرزشکردنە، هەستدەکەم تەندروستە و درەنگتر پیر دەبێت، بۆیە هەمیشە پاڵپشتی دەکەم و هانی دەدەم لەسەر وەرزشکردن بەردەوام بێت».



### چەندین یانەی کوردستان و عێراق داوای واژووی دەکەن..

# عەلی کاکە مینە بەرناکەوێ



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - کەلار**

عەلی کاکە مینە، گۆڵکاری خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «لەلایەن چەندین یانەی کوردستان و شاری بەغداوە گرێبەستم پێشکەشکراوە، بەڵام هێشتا زووە بڕیار لەسەر یاریکردن بۆ یەکێک لەو یانانە بدەم».

لەم وەرزەی خولی کوردستاندا، چەندین یاریزانی بەتوانا و بەهرەی نوێ دەرکەوتن، کە عەلی کاکە مینەی یاریزانی لاوی یانەی شێروانەی کەلار دیارترینیان بوو. ئەو توانی بە تۆمارکردنی 9 گۆڵ نازناوی گۆڵکاری ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان بەدەستبێنێت، کە لێهاتوویی ئەو گۆڵکارە وای لە چەندین یانە کردووە داوای گرێبەستی لێبکەن بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکات.

عەلی کاکە مینە، لەو بارەوە تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشی) گوتی «سوپاس بۆ خوا ئەمساڵ دوای هەوڵ و هیمەتێکی زۆری خۆم و هاوڕێیانم توانیم نازناوی گۆڵکاری کوردستان بەدەستبێنم و ئاستێکی بەرزیش پێشکەش بکەم، ئەوە وایکرد چەندین یانە گرێبەستم پێشکەش بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە، کە وەرزی داهاتوو لە کوێ یاری دەکەم».

گۆڵکاری ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) گوتی «چەندین گرێبەستم لەلایەن یانەکانی کوردستان و عێراقەوە بۆ هاتووە لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان، بەڵام من ئێستا ماندووم و تازە خولەکە تەواو بووە، دەمەوێ باش بیری لێبکەمەوە بەر لەوەی بڕیاری لەسەر بدەم».

عەلی کاکە مینە، باس لەوە دەکات کە بردنەوەی نازناوی گۆڵکاری خولی پێشمەرگەی کوردستان ئەوی زۆر دڵخۆش کردووەو گوتی «بەڕاستی هەستێکی یەکجار خۆشبوو بۆ من، چونکە بەڵێنم بە هاندەران دابوو ببمە گۆڵکار، سوپاس بۆ خوای گەورە بەڵێنەکەم بردە سەر».

گۆڵکارەکەی کەلار، ئەوەشی نەشاردەوە کە ئێستا ئەو دەیەوێ یارمەتی یانەی گازی باکوور بدات «لەبەر خۆشەویستیم بۆ شاری کەرکووک و کاپتن عەبدوڵڵا مەحموودی ڕاهێنەر و کاپتن وەلید، بڕیارمداوە یارمەتی یانەی گازی باکوور بدەم بۆ ئەوەی بە هەموومان بتوانین تیپەکە بگەیەنینە خولی نایابی عێراقی».

ئەو یاریزانە ڕازی نەبوو ناوی ئەو یانە کوردستانی و عێراقییانە ئاشکرا بکات، کە گرێبەستییان پێشکەشی کردووە، بە پاساوی ئەوەی کە بۆ خۆی و بۆ ئەو یانانەش خۆش نییە. بەڵام گوتی «هەر کاتێک بگونجێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆم دەدەم».

KOREK Telecom

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆرایی وەربگرن



ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیكی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە كاتژمێر 1ی شەو تاكو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەكی زێدە.

بۆ بەشداریكردن لە پاكێجە جۆراوجۆرەكانی ئینتەرنێت كە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بكەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com
411



10

ڕۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسـپانی، لە هەواڵێکی نوێدا ئاشـکرایکرد خامیس ڕۆدریگزی ئەسـتێرەی کۆلۆمبی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی بەتەواوی ڕێککەوتوون لەسەر ڕۆیشتنی ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانی یانەی شەیتانە سوورەکان و تەنانەت لەسەر ژمارەی درێسی ڕۆدریگزیش ڕێککەوتوون. ڕۆژنامەی ناوبراو لەو بارەوە دەڵێت «خامیس دەیەوێ درێسـی ژمارە 10ی واین ڕۆنی لەبەربکات، مۆرینیۆش رازی بووە، چونکە ڕۆیشـتنی ڕۆنی لەو یانەیە لە کۆتایی ئەم وەرزەدا مسۆگەرە».

# ئەلڤارۆ مۆراتا:

# بۆفۆن منی رزگارکرد

ڕووداوی وەرزشی - THE GUARDIAN

ئەلڤارۆ مۆراتا، یاریزانی ئیسپانی یانەی ریال مەدرید، ئەو ئاوڕدانەوە باشەی باسکرد، کە جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپارێزی ئەفسـانەیی ئیتاڵی لێیداوەتەوە، ئەوکاتەی لە ریزەکانی یۆڤانتۆسـی ئیتاڵی یاری دەکردو بووەتە هۆکاری ئەوەی خۆبەدەستەوە نەدات و ببێتە هێرشبەرێکی بەتوانا.

لــە هەڤپەیڤینێکدا لەگــەڵ ڕۆژنامــەی THE GUARDIANی بەریتانیدا، مۆراتــا دووپاتیکردەوە، بۆفۆن لە خراپترین ڕۆژگارەکانی کاروانی وەرزشیی یارمەتی داوە، ئەوکاتەی لە یوڤانتۆس بووە. لە وەرزی دووەمی لەگەڵ یۆڤی، مۆراتا تووشی ڕەوشێکی ئەستەم لەنێو یاریگە و لە دەرەوەی بوو، ئەوەندە کاریگەری بەسەرەوە هەبوو تاوەکو دەستی کردووە بە گریان، بەتایبەتی دوای ڕاهێنانەکانی ڕۆژانــەی ئەســتەمدا، بــەڵام بۆفۆن بەپێی توانــا دڵی داوەتــەوە. مۆراتا گوتی «بەشــە ڕاهێنانێکی زۆر خراپــم تــەواو کرد، کە ناخۆشــترینی ژیانم بوو، بە جۆرێک نەمدەتوانــی تۆپیش کۆنترۆڵ بکەم. چارەســەرکارەکە لێی پرسـیم چی هەیە؟ گوتم خەمبارم و لەســەر مێزی چارەســەرکردن دەگریام، بۆفۆنیش لە تەنیشتم وەستابوو». مۆراتا هەروەها گوتیشی «دوای ئەوە، بۆفۆن منی بردە لایەک و پێیگوتم، ئەگەر ویستت بگری لە ماڵەوە بگری. ئەو خەڵکەی خراپەیان بۆ تۆ دەوێ، کە بەو شێوەیە دەتبینن دڵخۆش دەبن، ئەو خەڵکەی هیوای چاکەشت بۆ دەخوازن هەست بە خەمباری دەکەن».

دوای ئەوە، مۆراتا لەگەڵ یۆڤی گەشـایەوەو لە وەرزی ڕابردوودا 12 گۆڵی تۆمارکرد و 12 پاسـی یەکلاییکەرەوەشــی دا، هــەر لەبەرئــەوەش بــوو کە ریال مەدریــد باوەڕی بەوە هــات هاوینی ڕابردوو بیگەڕێنێتەوە ریزەکانی.

«ڕۆژێک لە مەشقەکاندا دەگریام، بۆفۆن پێیگوتم بۆ خۆت لە ماڵەوە بگری»









کێ زووتر پیر دەبێت؟!..

# ڕۆناڵدۆ یان مێسی

سیروان عەباس
ڕووداوی وەرزشی - هەولێر

لەم ساڵانەی کۆتایی و بەتایبەتی لەدوای دەیەی یەکەمــی ســاڵانی 2000، دیاردەیەکی نوێ ڕووی لە وەرزشــی تۆپی پێ کــرد، ئەویــش بەردەوامبوونی یاریزانانە تاوەکو تەمەنێکی گەورە.

## زانێتی و ماڵدینی

ئەگــەر پێــوەر خافێــر زانێتــی ئەرجەنتینــی و پاولــۆ ماڵدینــی ئیتاڵی بێــت، دەبــێ ڕەواییەت بە بەردەوامبوونــی یاریزانان بدەیت تاوەکو تەمەنی 40 ســاڵی، بەڵام ئایا دەتوانن هەمان یاریزانەکەی پێش 30 ســاڵی بن؟ با ئــەم دوو یاریزانە بکەینە پێوەر، لە تەمەنی پێش 30 ساڵیدا باڵەکانی ڕاست و چەپ بە درێژایی یاریگە بۆ بەرگریکردن و هێرشبردنیش بە ئەوان دەسپێردرا، بەڵام دواتر بەهۆی دابەزینی توانای جەســتەییانەوە ماڵدینی گەڕێندرایەوە ناوەڕاســتی بەرگری و زانێتیش بۆ ناوەڕاستی یاریگە، بۆ ئەوەی هەردووکیان زیاتر پشت بە عەقڵ و ئەزموون ببەستن وەک لە ڕاکردن.

## مێسی و ڕۆناڵدۆ

نازناوە کەسییەکانی 10 ســاڵی ڕابردووی تۆپی پێ لەنێوان دوو سۆپەرســتاردا «مێسی و ڕۆناڵدۆ» دابەشکران، چاوەڕواندەکرێت تاوەکو چەند ساڵێکی دیکــەش بخایەنێــت، لەبەرئەوەشــە زۆرترین هەواڵ و قسەوباســی وەرزشی لەســەر ئەو دوو یاریزانەیە، مێسی تەمەن 30 ساڵ و ڕۆناڵدۆی تەمەن 32 ساڵ.

ئــەو دوو یاریزانــە لە ڕووی توانای جەســتەیی و دەرکەوتنیان لەنێو یاریگەدا هەست بە پاشەکشەیان دەکرێت، بەپشتبەستن بە چەند هۆکار و بەڵگەیەک ئەوە دەردەخەین کە پیری سەرەتا چۆک بە کامیان دادەدات؟.

## زیدان و باتیستۆتا

هەموومان زەینەدین زیدانی فەرەنسی و گابریێل باتیستۆتای ئەرجەنتینی دەناسین، کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانــەوە دوو ئەســتێرەی نــاوازەی تۆپی پێ بوون، باتیستوتا وەک گۆڵکار کە نازناوی باتیگۆلی پێدرا، زیدانیش وەک عەقڵ و مایستریۆی نێو یاریگە.

باتیســتۆتا لــە تەمەنــی 34 ســاڵیدا لــە یانەی ئەلعەرەبــی قەتەری یاریدەکــردو زیدانیش لە هەمان تەمەن لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و یەکێک لە باشترینەکانی مۆندیالی 2006 بوو.

«مێسی وەک زیدان و ڕۆناڵدۆش وەک باتیستۆتا دەبێت»

ئەرکــی یاریــزان بەگوێــرەی شــوێنی یاریکردن لەنێو یاریگەدا دەگۆڕێت، هێرشبەر پێویستە یاریزان ببڕێت، تۆپی ســەر وەربگرێت، لێدانی بەهێز لێبدات و خــاوەن خێرایــی بێت بــۆ خۆدزینــەوە لە هێڵی بەرگــری، بەڵام لــە هێڵی ناوەڕاســت ئەگەر خاوەن ئــەو توانایەش نەبێــت تەنیا بە عەقــڵ و ئەزموون دەتوانێت خۆی بســەلمێنێت. لە مۆندیالی 2006دا، لە قۆناخی هەشتەمدا زیدان بەرامبەر بە هەڵبژاردەی ڕۆناڵدۆ دالیما، ڕۆناڵدینهۆ، کاکا، کارلۆس و ئەدریانۆ یاریکــرد، لە کاتێکــدا ئەو ئەســتێرانەی بەرازیل لە لوتکــەی ئاســتبەرزیدابوون، زیدان لــە تەمەنی 34 ســاڵیدا توانــی بــە زەوییانــدا بــدات و وەک پیاوی یەکەمــی یارییەکــە ئەنجامەکــە بۆ کەڵەشــێرەکان یەکلایی بکاتەوە، بەڵام باتیستوتا لە هەمان تەمەندا چەنــد مانگێک لەگــەڵ یانەی ئینتەرمیلان یاریکــرد تەنیا یەک گۆڵی تۆمارکردو دواتریش ڕوویکردە خولی قەتەری. زیدان، لە ناوەڕاســتی یاریگــەدا کەمترین ڕاکردنی هەبوو، بەڵام کاتێــک تۆپی وەردەگرت، بەپشتبەســتن بە هونەر و ئەزموون، جوانترین تۆپی بۆ هاوڕێکانی دەگواستەوە، ئەگەر ناچاری بڕینی یاریزانانیش با، جولەیەکی مەودا کورتی دەکرد لەپێناو هێشتنەوەی تۆپەکە لەلای خۆی بە کەمترین ماندووبــوون، بەمەش باڵانســی توانای جەســتەیی خۆی تاوەکو خولەکەکانــی کۆتایی یارییەکە ڕادەگرت. بەڵام ئایا باتیســتوتا دەیتوانی بەهەمان شــێوازی زیدان بەســەر تەمەنــدا زاڵبێت؟ بێگومــان ناکرێ، چونکە ئەرکی باتیســتوتا بڕینی بەرگری و قۆستنەوەی هەل و ڕاکردن و خۆدزینەوە بوو، ئەمەش وایکرد زیدان لە 34 ســاڵیدا گەشــاوەتربێت و باتیستۆتاش خۆری بگاتە کەلی ئاوابوون.

## هەمان پێوەر

بۆ ڕۆناڵدۆ و مێســیش هەمان پێوەر دروستە، مێسی پێش ئەوەی گۆڵکەرێکی باشبێت، دروستکەرێکی باشە، لــە هێڵی پێشــەوە گۆڵدەکات و لەناوەڕاســتیش گۆڵ بۆ هاوڕێکانی دروســتدەکات، لەگەڵ دابەزینی توانای جەستەیی، ڕاهێنەر دەتوانێت هەنگاوێک بیگەڕێنێتە دواوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی زیدان زیاتر پشت بە عەقڵ و ئەزموون ببەســتێت. بەڵام ئایا ڕۆناڵدۆ، بە چەند هەنگاوێک یاریکردن لەدواوەی هێرشبەر دەتوانێت ئەم ئەستێرە درەوشاوەیەی ئێستا بێت؟ دەتوانێت لەنێو یاریگەدا تۆپ دابەشبکات و لەبری گۆڵکار ببێتە دروستکار؟ بێگومان یاریزانێک بتوانێت 4 باڵۆن دۆر بباتەوە، دەشتوانێت لە هێرشبەرەوە بگەڕێتەوە ناوەڕاســت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت هەمان سۆپەرستاری پێشووبێت.



# جیانلویجی بۆفۆن..

# سەرکردەی ئەوروپا و شای جیهان

ئا: ڕووداوی وەرزشی

جیانلویجی بۆفۆن، گۆڵپارێز و کاپتنی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، لە تەمەنی 39 ساڵیدا سەلماندی کە شایەنی ئەوەیە بە گەورە، ســەرکردە و شــای ئەوروپا ناوبنرێت. ئەو تەنیا بەو ئامارانەی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کە بەهێزترین پاڵەوانیەتی تۆپی پێی جیهانە لەســەر ئاســتی یانەکان، تۆماریکردوون، دەســەلمێنێت کە باشــترینی ئەوروپا و تەنانەت جیهانیشە.

## یاساکە دەشکێنێت

هەرچەنــدە بۆفــۆن، ڕایگەیاندووە کە ئەو بەهیچ شــێوەیەک بیر لە باڵۆن دۆر و خەڵاتی باشترین یاریزانــی جیهــان ناکاتــەوە، بــەڵام ئیدی بەشــێکی زۆری چاودێــران و پسپۆران گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە بۆفۆن یەکەم گۆڵپارێز بێت کۆتایی بەو یاسا نا فەرمییە بێنێت، کە ڕێگە نادات گۆڵپارێزێک باشترین یاریزانی ئەوروپا و جیهان بێت.

ئــەو دەڵێت «من بیر لە باڵۆن دۆر ناکەمــەوە، تەنیــا دەمــەوێ یارمەتی تیپەکەم بدەم بۆ ئەوەی نازناوی چامپیۆنزلیگ ببەمەوە».

بــەڵام ئەگــەر ئــەو ئەمــەی کــرد، بردنەوەی ئەو نازناوە بۆ خۆی حەلال دەکات.

## مەدریدییەکان شایەتی بۆ دەدەن

ڕۆژنامــەی مــارکای ئیســپانی، کــە نزیکــە لــە یانــەی ریــال مەدریدی ئیســپانی، پێیوایە ئەگەر بۆفــۆن بتوانێت ســەرکردایەتی یانەی یوڤانتۆس بکات بۆ بردنەوەی نازناوی چامپیۆنزلیــگ، کۆتایی بە قورخکاری 9 ســاڵەی مێســی و ڕۆناڵدۆ بۆ باڵۆن دۆر دێنێت و دەبێتە خاوەنی باڵۆن دۆر.

ڕۆژنامە مەدریدییەکە، لەو بارەوە نووســیویەتی «بۆفۆن لــەم وەرزەدا دەتوانێــت ســێیانە بباتــەوە، کــە زۆر نزیک بووەتەوە لە بردنەوەی نازناوی خولی ئیتاڵیا، گەیشــتووەتە یــاری کۆتایی جامی ئیتاڵیاو زۆر نزیکە لە گەیشــتنە یاری کۆتایــی چامپیۆنزلیگ، کەواتە ئەگەر یانەکەی بۆفۆن ببێتە خاوەنی سێیانە، کەس لەو شایەنتر نییە بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر و زە بێســتی خەڵاتەکــەی فیفــا بۆ باشــترین یاریزانی ساڵ».

مــارکا، هەروەهــا نووســیویەتی «ئەگەر ریــال مەدرید چامپیۆنزلیگ بباتەوە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ پاڵێوراوی یەکەمە بــۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر، بەڵام ئەگــەر یوڤانتۆس بباتەوە، بۆفۆن و مێســی بەهێزترین دوو پاڵێوراوی خەڵاتەکە دەبن، بەڵام چانسی بۆفۆن بەهێزتر دەبێت».

## نویەریش شایەتی بۆ دەدات

زۆربــەی چاودێــران لەو بڕوایــەدان کە مانوێــل نویەری گۆڵپارێــزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرن میونشــن، باشــترین گۆڵپارێزی ئێستای جیهانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڵپارێزە بەشــێوەیەکی جیاواز وەسفی بۆفۆن دەکات، تــا ئــەو ڕاددەیەی پێیوایــە بەراوردکردنی بۆفــۆن بە خۆی و بــە هــەر گۆڵپارێزێکی دیکە بــێ ڕێزییە بەرامبەر باشــترین گۆڵپارێــز لە مێژووی تۆپی پێــی جیهاندا. ئەو دەڵێــت «بەراوردکردنی من بە بۆفۆن بێ ڕێزییە بەرامبەر جیجی، چونکە ئەو باشترین گۆڵپارێــزە لە مێژوودا، گوناحــە ئەو بە هەر گۆڵپارێزێکی دیکە بەراورد بکرێت».

## ئامارەکانی ترسێنەرن

وەک ئــەوەی پێشــتر ئاماژەمان پێکرد، ئــەو ئامارانەی بۆفۆن لە چامپیۆنزلیگدا تۆماریکردوون، کە تاوەکو ئێســتا 100 یــاری لــەو پاڵەوانیەتییــەدا ئەنجامــداوە، گەورەیی و پاشایەتی ئەو گۆڵپارێزە دەسەلمێنن.

* بۆفۆن ئەمساڵ لە 11 یارییدا 9 جار توانیویەتی تۆڕی گۆڵەکەی بە خاوێنی ڕابگرێت، تەنیا 2 گۆڵی لێبووە.
* بۆفــۆن لەگەڵ یوڤانتۆس لە 12 وەرزدا بەشــداری لە چامپیۆنزلیگدا کردووە.
* بۆفۆن لەو 12 وەرزەی چانمپیۆنزلیگدا 10770 خولەک یاری کردووە.
* بۆفــۆن لــە 100 یارییدا لە 75 یارییــدا نەدۆڕاوە. 47 یاری بردووەتەوە، 28 یاری یەکسانبووەو 25 یارییش دۆڕاوە.
* بۆفۆن 2 جار بەشداری لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگدا کردووە، لە ساڵانی 2003 و 2015، هەردووجاریش دۆڕاوە.
* بۆفۆن 4 لێدانی سزای لە چامپیۆنزلیگدا گەڕاندووەتەوە.
* لــە وەرزی 1997 ـ 1998دا بۆفــۆن بۆ یانەی پارما 6 یاری لە چامپیۆنزلیگدا ئەنجامدا. 5 گۆڵی لێبوو، لە 3 یارییدا تۆڕی گۆڵەکەی بە خاوێنی ڕاگرت.

**مانوێل نویەر:** بەراوردکردنی من بە بۆفۆن بێ ڕێزییە بەرامبەر جیجی

**مارکا:** ئەگەر یوڤانتۆس چامپیۆنزلیگ بباتەوە باڵۆن دۆر بۆ بۆفۆنە

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 448 )
سێشەممە 2017/5/9

## راستە



رۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی، ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە دەڵێن لیۆنێل میسی ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لەدوای یاری چوونی مۆناکۆ و یوڤانتۆس لە قۆناخی پێش کۆتایی چامپیۆنزلیگدا، لەسەر فرۆشتنی دانی ئالڤێشی بەرگریکاری بەرازیلی، گلەیی و رەخنەی ئاراستەی لویس ئێنریکی راهێنەری یانەکەی کردووە و بەبیری هێناوەتەوە کە چەندینجار داوای لێکردووە ئالڤێش نەفرۆشن، بەڵام کەس بە قسەی نەکردووە. دۆن باڵۆن لەو بارەوە دەڵێت «راستە، میسی لەدوای بینینی ئاستی ئالڤێش لەگەڵ یوڤانتۆس زۆر تووڕە بووە».



### سەرۆکی ریال مەدرید بۆ لیڤەرپوول:

# بارسا چەند بە کۆتینیۆ بدات 10 ملیۆن زیاتری پێدەدەم

رووداوی وەرزشی ـ Gulf News

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی لە ئیسپانیا ئاشکرایان کردووە، فلۆرەنتینیۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، پلانێکی زیرەکی داناوە، بۆ ئەوەی رکابەرە هەمیشەییەکەی یانەی بارسێلۆنا لە خزمەتەکانی یاریزانی بەرازیلی فیلیپی کۆتینیۆ بێبەش بکات.

بارسا ئارەزوو دەکات وەرزی داهاتوو هێڵی ناوەڕاستی رێکبخاتەوە، ئەوەش بە گرێبەستکردن لەگەڵ ئەستێرەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، ئەو یاریزانەش پێشوازی لە شوێنگرتنەوەی ئینیێستا لە کامپ نو دەکات. بەپێی ئەو سەرچاوانە بارسا پلانی داناوە زیاتر لە 50 ملیۆن یۆرۆ بۆ بەدەستهێنانی واژووی ئەو یاریزانە بدات، ریال مەدرید بەو شتەی زانیوەو پیرێز پەیوەندی بە بەرپرسانی لیڤەرپوولەوە کردووەو پێی راگەیاندوون، بەنیازە 10 ملیۆن یۆرۆی زیاتر بەهەر دەستەوارەیەکی پێشکەشکراو لەلایەن بارساوە بدات، بۆ ئەوەی ئەو یاریزانە نەچێتەکامپ نو».

فلیپی کۆتینیۆ، کار لەسەر ئەوە لە رێگەی فرۆشتنییەوە سوودێکی دارایی بە لیڤەرپوول بگەیەنێت، لەوانەیە ئەو هەواڵانەش نرخی فرۆشتنی ئەو یاریزانە تاوەکو 70 ملیۆن یۆرۆ بەرز بکەنەوە. ئەگەر ژمارەکە لە 50 ملیۆن یۆرۆ دوورکەوێتەوە و بگاتە برە پارەیەکی زۆر، لەوانەیە بارسا بە وریایی بیر بکاتەوە بەر لەوەی گرێبەستی لەگەڵدا بکات، لەوانەشە واز لەو ئامانجەی بێنێت و لە میرکاتۆدا بەدوای جێگرەوەیەکی بگەڕێت.

"پیرێز پلانێکی داناوە بۆ ئەوەی بارسا لە کۆتینیۆ بێبەش بکات"



### کەس ناپرسێت بۆچی 3 مانگە ون بووە..

# ئەستێرەکەی ئیڤێرتۆن شێت بووە

رووداوی وەرزشی ـ Daily Mirror

کەس ناپرسێت ئارۆن لینۆن، یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی ئیڤێرتۆنی ئینگلیزی لە کوێیە؟ بۆچی ئێستا یاری ناکات؟ بۆچی زیاتر لە 3 مانگە کەس نایبینێت؟ خۆ یەکێک بوو لە خێراترین یاریزانانی پریمەرلیگ و هەمیشە جێی متمانەی راهێنەرانی بووە، بەڵام ئەو ناوە ون بوو، بۆچی؟.

لە هەواڵێکی شۆکهێنەردا پۆلیسی بەریتانیا ئاشکرایکرد، ئارۆن لینۆنی ئەستێرەی هەڵبژادەی ئینگلتەرا و یانەی ئیڤێرتۆن شێت بووەو ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی مێشک و دەروونی خەواندووە، بە گوێرەی یاسای تەندروستی مێشکی، بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکرێت.

بە گوێرەی راگەیاندراوی پۆلیسی بەریتانیا، کە رۆژنامەی دەیلی میروری بەریتانی بڵاویکردووەتەوە «لینۆنی تەمەن 30 ساڵان، کە لە 20ی شوباتی رابردووەوە هیچ یارییەکی لەگەڵ یانەکەی ئەنجام نەداوە، لە بەندیخانەی شێتان بەندکراوە، بەهۆی بوونی مەترسی لە حاڵەتی مێشکی».

ئارۆن لینۆن، یەکێکە لە خێراترین یاریزانەکانی تۆپی پێ لە جیهاندا، کە ساڵی 2015 لە یانەی تۆتێنهامەوە رووی کردووەتە یانەی ئیڤێرتۆن.

"لینۆن لە بەندیخانەی شێتان بەندکراوەو لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی چارەسەری بۆ دەکرێت"

### پێشتر گوتوویەتی دەمەوێ هەموو کەتالۆنییەکان بکوژم..

# بارسا دوژمنی پیکێی دەوێ

رووداوی وەرزشی ـ Sport

یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، دەیەوێ لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوودا، گرێبەست لەگەڵ دانی سیپالۆسی یاریزانی یانەی ریال بیتیسی ئیسپانی واژوو بکات، ئەوەی کارەکەشی بۆ بارسا ئاسانتر کردووە، بەهای شکاندنی گرێبەستەکەیەتی، کە تەنیا 14 ملیۆن یۆرۆیە. بەڵام هاتنی ئەو یاریزانە بۆ بارسا، لەوانەیە ئەوەندە ئاسان نەبێت، چونکە چەندین ساڵە لە ژووری جلگۆڕینی بارسا رقیان لەو یاریزانە دەبێتەوە.

سیپالۆس، پێشتر لێدوانێکی لەدژی دووانەی بارسا، جیرارد پیکێ و سیسک فابریگاس دابوو، کە ئێستا یاریزانی یانەی چێڵسی ئینگلیزییە، بۆیە پیکێ و هاوڕێکانی بە بیرۆکەی گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو یاریزانە رازی نین، چونکە رقی لە کەتالۆنیا دەبێتەوەو لە لێدوانی پێشووتری بە ئاشکرا دوژمنایەتی خۆی بۆ کەتالۆنیا نیشانداوە.

سیپالۆس بەهۆی سروودی نیشتمانیی ئیسپانیا و ئاڵای کەتالۆنیا رەخنەی لە پیکێ و فابریگاس گرتبوو، دوای ئەوەی چەند راپۆرتێک بڵاوبوونەوە، لەسەر ئەوەی پیکێ نایەوێ سروودی نیشتمانیی ئیسپانیا بڵێتەوە. سیپالۆس ئەوکات گوتبووی «مایەی شەرمەزارییە، لەوانەیە بۆمبێک لەنێو پەیژەکان دانێمەوە و هەموو کەتالۆنییەک بکوژم، جیرارد پیکێ و فابریگاس؟ ئایا شەرم لەخۆتان ناکەنەوە؟ کەواتە لە دەرەوەی وڵات وێنەیەک لەگەڵ ئاڵا بگرن».

"یاریزانانی بارسا رقیان لێیەتی لەبەرئەوەی جنێوی بە پیکێ و فابریگاس داوە"



### ئینگلیزەکان رازی نین بدرێتە دی خیا..

# نیشانەی کاپتنی کێشەی نوێی شەیتانەکانە

رووداوی وەرزشی ـ MU4

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، باس لەوە دەک... ئێستا لە ژووری جلگۆڕینی مانچێستەر یونایتددا باس باسی نیشانەی کاپتنییەو ... «ئیدارەی یانەکە بیر لەوە دەکاتەوە نیشانەکە بە داڤید دی خیای گۆڵپارێز بد... ئەوەی لە یانەکە نەڕوات، بەڵام ئینگلیزەکان رازی نابن نیشانەی کاپتنی بە یاری... نا ئینگلیز بدرێت».

لەبەرئەوەی هەریەک لە واین رۆنی و مایکل کاریک لە کۆتایی ئەم وەرزەدا لە مانچ... یونایتد دەڕۆن، لە ئێستاوە کێشەی کاپتنیی بەرۆکی ئەو یانەیەی گرتووە، کە ه... لە بەرپرسانی یانەکە دەیانەوێ بیدەنە دی خیای گۆڵپارێز بۆ ئەوەی بەوە رازی... ریزەکانی یانەکە بەرەو ریال مەدریدی ئیسپانی جێنەهێڵێت. بەڵام وادیارە ئینگلی... بەوە رازی نابن، یاریزانێکی نا ئینگلیزی ببێتە کاپتنی یانەکەیان.

ئەو سەرچاوەیە، دەڵێت «ئینگلیزەکانی یانەکە بە توندی داواکاری بەرپرسانی ... رەتدەکەنەوە، کە دەیانەوێ دی خیا ببێتە کاپتنی شەیتانەکان، چونکە رازی نابن بێ... ئینگلیزێک ئەو ئەرکە وەربگرێت». هەروەها سەرچاوەکە دەشڵێت «ئینگلزەکان دە... ئەو ئەرکە بە کریس سمالینگ یان فیل جۆنز بدرێت، لەبەرئەوەی هەردووکیان ئینگ... یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەران و لەمێژە یاری بۆ یانەی شەیتانە سوورەکان دەکە...


هەر لەو بارەوە ئەندێر هێرێرای یاریزانی یانەکە، دەڵێت «لە راستیدا وا باشە یاری... ئینگلیزی ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرێت، سەیری بارسێلۆنا و ریال مەدرید بکەن، ک... یەکەمیان هەمیشە ئیسپانییە».

## جوانترین لێدوان...



یاریم لەگەڵ ئەو یاریزانانە دەستپێکردووە کە ساڵی 1950 لەدایکبوونەو لەگەڵ ئەوانە کۆتایی بە یاریکردنم دێنم کە دوای ساڵی 2000 لەدایکبوونە

جیانلویجی بۆفۆن
(گۆڵپارێزی یانەی یوڤانتۆس)



لە ریال مەدرید پێویستە هەموو یارییەک ببەیتەوە، چونکە ئەگەر لەگەڵ بارسێلۆناش یەکسان ببی لای مەدریدییەکان بە دۆڕاندن ئەژمار دەکرێت

مەسعود ئۆزێل
(ئەستێرەی یانەی ئارسیناڵ)



ژیان بە بێ رۆما زیاتر ئازاری دەدام لەوەی کە ناتوانم بەشداری لە کلاسیکۆیەکی نێوان بارسێلۆنا و ریال مەدرید بکەم

دی رۆسی
(یاریزانی یانەی رۆما)



زەحمەتترین و ناخۆشترین کار بۆ راهێنەر ئەوەیە کە بە یاریزانێکی بڵێت تۆ ئەمڕۆ یاری ناکەی

زەینەدین زیدان
(راهێنەری یانەی ریال مەدرید)



گاتۆزۆ هاوڕێی رۆناڵدینهۆ بوو، بەڵێنی پێدابووم درێسێکی رۆناڵدینهۆم بۆ بێنێت، بەڵام بەداخەوە بەڵێنەکەی نەبردە سەر

پاولۆ دیبالا
(ئەستێرەی یانەی یوڤانتۆس)



ساڵی رابردوو بەخۆم چوومە ماڵی مباپێ بۆ ئەوەی رازی بکەم بێتە ئارسیناڵ، بەڵام مۆناکۆ نەیهێشت

ئارسین ڤینگەر
(راهێنەری یانەی ئارسیناڵ)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 448 )
سێشەممە 2017/5/9



## درۆیە

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە کە ڕادیۆی کەتالۆنی بڵاویکردووەتەوە، گوایە ئیدارەی یانەی بارسێلۆنا لەگەڵ لۆران بلانی ڕاهێنەری فەرەنسی ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی جێگەی لویس ئێنریکیی ڕاهێنەری دەستلەکارکێشاوە بگرێتەوە لە سەرپەرشتیکردنی مەشقەکانی بارسێلۆنا. مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ لەو بارەوە نووسیویەتی «درۆیە، هەموو ئەو زانیارییانەی لەبارەی ڕاهێنەری داهاتووی بارسێلۆناوە دەدرێن هەڵەن، بارسا هێشتا نە لەگەڵ بلان و نە لەگەڵ هیچ ڕاهێنەرێکی دیکە نەگەیشتووەتە ڕێککەوتن، چونکە دەیەوێ زۆر بە نهێنی ئەو کارە ئەنجام بدات».



## نەیمار باشترین یاریپێکەری ئەوروپایە و مێسیش شەشەمە..

# ڕۆناڵدۆ (473)یەمینە

ئا: ڕەمزی میرەکانی

نەیمار دا سیلڤا، ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنا، لە یاری بەرامبەر ئیسپانیۆل لە دێربی کەتالۆنیا توانی 11 جار بە سەرکەوتوویی یاری بە یاریزانان بکات، بەمەش سەلماندی لە یاریپێکردن بە یاریزاناندا، باشترین یاریزانە لە هەر 5 خولە گەورەکەی ئەوروپا.

لەم ڕاپۆرتەدا ڕیزبەندی باشترین 100 یاریپێکەری یاریزانتان لەو 5 خولە پێ ئاشنا دەکەین، کە نەیمار بە شایستەیی لە سەرووی لیستەکە دێت، تاوەکو ئێستا 153 یاریپێکردنی سەرکەوتووی ئەنجامداوە لە کۆی 243 هەوڵدا، بە ڕێژەی سەرکەوتنی 63%، هەرچەندە نەیمار لەو بارەوە ڕەخنەی زۆری لێدەگیرێ، کەچی هێشتا بۆ شێوازەکەی خۆی بەوەفایە، بەتایبەتی دوای هاندانی لویس ئێنریکی ڕاهێنەری.

### تراوری دووەم، هازارد سێیەم و مێسیش شەشەمە

دوای نەیمار ئەداما تراوری نەوەی قوتابخانەی (لاماسیا) و یاریزانی یانەی میدلزبرەی ئینگلیزی دێت، کە ئێستا لە لیستی باشترین یاریپێکەران لە 5 خولە گەورەکەی ئەوروپا لە پلەی دووەم دێت، تراوری خاوەنی 136 یاریپێکردنی سەرکەوتووە، بە ڕێژەی سەرکەوتنی 76% لە سەدا، بۆ زانیاری تراوری لە 1494 خولەکی یاریکردن ئەو یاریپێکردنانەی ئەنجامداوە، هەرچی نەیمارە لە 2379 خولەک یاریکردن 153 یاریپێکردنی ئەنجام داوە. ئیدین هازاردی یاریزانی یانەی چێڵسی لە پلەی سێیەم دێت بە 135 یاریپێکردن لە 2680 خولەکدا، بە ڕێژەی سەرکەوتنی 75%، لە پلەی چوارەم ویلفرێد زاهای یاریزانی کریستال پالاس دێت بە 134 یاریپێکردنی سەرکەوتوو، زاها لەپێش ئالان سانت ماکسیمینی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی باستیا دێت بە 128 یاریپێکردنی سەرکەوتوو، لەدوای ئەو ئەفسانەی زیندوو لیۆنێل مێسی لە پلەی شەشەم دێت بە 112 یاریپێکردنی سەرکەوتوو بە ڕێژەی سەرکەوتنی 68%.

### ڕۆناڵدۆ لە پلەی 473 دێت

سەیر و سەرسوڕهێنەرە لە ڕیزبەندی باشترین یاریپێکەران لە 5 خولە گەورەکەی ئەوروپا، دوورکەوتنەوەی تەواوی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە لە ڕیزبەندی باشترین 450 یاریپێکەردا، ئەوەش وتەی چەندین یاریزانی پێشوو دووپات دەکاتەوە، بەوەی دۆن ئێستا وەک مێسی و نەیمار ناتوانێت یاری بە یاریزانان بکات، ئەستێرەکەی یەکەمی ریال مەدرید لە پلەی 473 دێت بە تەنیا 21 یاریپێکردنی سەرکەوتوو لە 2276 خولەکی یاریکردنی ئەم وەرزەی لە گەڵ مێرینگێدا، دۆن 57 هەوڵی یاریپێکردنی داوەو ڕێژەی سەرکەوتنی لەو لایەنەوە 37%یە.

2 یاریزانی بارسا و 1 یاریزانی ریال

لە ڕیزبەندی باشترین 100 یاریپێکەردا، باڵادەستی یاریزانانی خولی ئینگلیزی بەدەردەکەوێ، لەدوای ئەوان یاریزانانی خولی فەرەنسی دێن، کەچی ئامادەیی یاریزانانی خولی ئیسپانیا 199 یاریزانە، بارسێلۆنا و ریال مەدرید تەنیا بە 3 یاریزان ئامادەییان هەیە، دووان لە بارسا ئەوانیش نەیمار لە پلەی یەکەم و مێسی لە شەشەمن، لەتەک ماتیۆ کۆڤاسیچ باشترین یاریپێکەر لە ریال مەدرید، کە لە پلەی 73 دێت بە 52 یاریپێکردنی سەرکەوتوو لە 1483 خولەکی یاریکردنی لەگەڵ ریال، هەرچی ئیسکۆیە سەرەڕای کەمی بەشداریکردنی لە پلەی 113 دێت بە 54 یاریپێکردنی سەرکەوتوو لە 1466 خولەکەدا.

### باشترین 100 یاریپێکەر لە لالیگا

لە ڕیزبەندی تەنیا لیگادا، نەیمار هەر لە پلەی یەکەم دێت، مێسی لە پلەی دووەم دێت، ئینجا فیلیپی لویسی بەرگریکاری ئەتلەتیکۆ مەدرید لە پلەی سێیەم دێت بە 72 یاریپێکردنی سەرکەوتوو.

بەچاوخستنە سەر تەنیا ئەستێرەکانی بارسێلۆنا و ریال مەدرید، دەبینین کۆڤاسیچ لە پلەی سێیەمی یاریزانانی هەردوو تیپ دێت، لەنێو یاریزانانی لالیگا لە پلەی 15 دێت، لەدوای ئەویش ئیسکۆ دێت لە پلەی 23، ئینجا مارسیلۆ لە 26 و دوای ئەویش سێرجی ڕۆبیرتۆ دێت لە 28، مۆدریچ لە پلەی 31، سوارێز لە پلەی 44، ئینێستا لە پلەی 55، کرۆس لە پلەی 67، بەیڵ لە پلەی 74، ڤاسکێز لە پلەی 85، کارڤاخال لە پلەی 86، تۆران لە پلەی 92، مۆراتا لە پلەی 95، ڕۆناڵدۆ لە پلەی 96 و ڕاکیتیچیش لە پلەی 97 دێن.

**"دۆن لە 2276 خولەک یاریکردندا تەنیا 21 یاریپێکردنی سەرکەوتووی هەیە"**



# ئالڤێش یارمەتی ریال مەدرید دەدات

ڕووداوی وەرزشی ـ Gulf News

دانی ئالڤێش، بەرگریکاری پێشووی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و ئێستای یوڤانتۆسی ئیتاڵی، کە بە سەرسەختترین ڕکابەرانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دادەنرێت، بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ یارمەتی ئەو یانەیە دەدات، کە هەمیشە بە ئاشکرا دژایەتی کردووە.

یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی بەهیوای ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی تیپەکەیە لە وەرزی داهاتوودا، بەرگریکاری لای ڕاستی تیپەکە دانی ئالڤێش ئامۆژگاری کارگێڕی یانەکەی کردووە، هەوڵ بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ هاوڕێی پێشووی ئەلیکسیس سانچێز لە یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی بدەن.

ئالڤێش یاریزانی پێشووی بارسا داوای لە سانچێز کردووە، گوێ لە گرێبەستەکەی یۆڤی بگرێت، بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو لەگەڵ ئەو لە تیپەکە بەیەکەوە یاری بکەن. ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەڤانی لە ئیسپانیا باس لەوە دەکەن، گەیشتنی سانچێز مانای ڕۆیشتنی یاریزانی کۆلۆمبی خوان کوادرادۆ لە بیانکۆنێری دەگەینێت، ئەو یایزانەی بووەتە جێگەی بایەخی ریال مەدرید، تاوەکو ببێتە جێگرەوەی یاریزانی بەرازیلی دانیلۆ.

وەک ئەو سەرچاوانە باسی دەکەن «ئەگەر ئالڤێش بتوانێت سانچێز ڕازی بکات بۆ چوونە ڕیزەکانی یوڤانتۆس، لەوانەیە ریال مەدرید ڕەوشی ئەو یاریزانە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەڵکوتێتە سەر کوادرادۆ لە هاوینی داهاتوو، بۆ ڕێکخستنەوەی لای ڕاستی، ئەوکات ئەو کارەی ئالڤێش ئەوە دەگەینێت کە ئەو دەستی یارمەتی بۆ ڕکابەری هەمیشەیی تیپی پێشووی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ درێژ کردووە».

ات کە
دەڵێت
ات بۆ
زانێکی

ێستەر
ەندێک
بکەن
یزەکان

یانەکە
جگە لە
یانەوێ
گلیزن،
ن».
زانێکی
کاپتنی

## ـەکانی هەفتە



سوپاس بۆ فیفا کە سزایەکەی مێسی هەڵوەشاندەوە، چونکە ئێستا دەتوانین مۆندیالێکی خۆش بە سەرۆکایەتی مێسی ببینین

ئیڤۆ مۆرالیس
(سەرۆک کۆماری بۆلیڤیا)



دیبالا ئێستا باشترین هێرشبەری لاوی جیهانە، قاچێکی چەپی مەترسیداری هەیە، بە تەنیا جێبهێڵی بە خراپی سزات دەدات

نەیمار دا سیلڤا
(ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنا)



لە ئینگلتەرا ڕێز لە کاری مرۆڤەکان دەگیرێت، وەک هەندێ شوێن نییە سیاسەت و شتی دیکەی زۆر لە پشت پەردەکانەوە هەبێت

ڕافایێل بنیتێز
(ڕاهێنەری یانەی نیوکاسڵ)



نەیمار زیاتر لە جارێک باڵۆن دۆر دەباتەوە، بەڵام ئەمساڵ ناتوانێت بیباتەوە، چونکە ڕۆناڵدۆ دەیباتەوە

مارسیلۆ
(بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید)



ئەگەر یەک ڕۆژ بەڕێوەبەری بایرن میونشن بم، گرێبەست لەگەڵ نەیمار دەکەم، جارێک تەلەفۆنی بۆ دانتی کردبوو، داوای درێسی منی لێکردبوو

باستیان شڤاینشتایگەر
(یاریزانی پێشووی بایرن میونشن)



بەردەوام بن لە ڕقلێبوونەوەی من، چونکە ئەگەر لەبەر ئێوە نەبووایە من نەدەگەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا پێگەیشتووم

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)

## داوەتی دەکات



سلاڤین بیلیچی راهێنەری یانەی وێستهام یونایتدی ئینگلیزی، ئاشکرایکرد بەر لە یاری یانەکەی لەگەڵ یانەی تۆتێنهام، نیمانیا ماتیچی یاریزانی یانەی چێلسی ئینگلیزی بەڵێنی پێداوە ئەگەر لە تۆتێنهام ببەنەوە لە یەکێک لە بەناوبانگترین چێشتخانەکانی لەندەن داوەتی بکات. بیلیچ لەو بارەوە گوتی «ئەوەی لەسەرمان بوو کردمان و لە تۆتێنهاممان بردەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە ماتیچ بەڵێنی خۆی بباتە سەر و داوەتم بکات، کە پێموایە پێویستە من و هەموو یاریزانەکانم داوەت بکات، چونکە گوشارمان لەسەریان نەهێشت».

یارییەکانی گەڕانەوەی قۆناخی پیشکۆتایی چامپیۆنزلیگ..

# ئەوەی مۆناکۆ دەیەوێ بە هەموو ئەوروپا نەکراوەو ئاتلێتیکۆش هەڵوەشایەوە




«مۆناکۆ ئەو تیپەیە کە قەت حساب بۆ یاریگەی خۆم و یاریگەی خۆت ناکات»

شرۆڤە: سەفین تەها

یانە دۆڕاوەکانی گەڕی چوون پێویستیان بە تۆم کرووزێکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی لەم بەشەی MISSION IMPOSSIBLE (ئەرکە مەحاڵەکە) دا ببێتە پاڵەوانێکی نوێ و تیپەکانیان لە دۆخی مەحاڵەوە بگوازێتەوە بۆ دۆخی نەمری.

| یوڤێنتوس | 2 - 0 | مۆناکۆ |
|---|---|---|

### هەموو شتێک بکەن بۆ پاراستی ریکۆردەکەی بوفۆن

مایسمیلیانۆ ئالێگری راهێنەری یانەی یوڤێنتوسی ئیتاڵیا دەڵێت «مۆناکۆ ئەمجارە ترسناکتر دەردەکەون وەک لە جاری پێشوو، چونکە ئەوان هیچیان نییە بیدۆڕێنن».

ماسیمۆ راست دەکات، هەمیشە ئەو یانەیەی کە هیچی نەبێت کە لەدەستی بدات لەو تیمە بەهێزترە کە لەلایەک دەیەوێت شەرمەزاری مێژووەکەی نەبێت و لەلایەکی دیکە بۆ ناو و شکۆی خۆی یاری بکات ئینجا هەوڵی بردنەوە بدات، بێ گومان مۆناکۆ ئێستا هیچ کام لەمانەی نییەو دەبێت گوڵ بکات، گۆڵکردن تاکە هیوای ئەوانە، بەڵام ئایا لیۆناردۆ جاردیم بە هەمان شێوەی یاری رابردوو بەبێ وەشاندنی گورزێکی تۆقێنەر لە یاریگە دێتەدەر یان ئەوەتا ئەمجارە کەلێنێک لە بەرگرییە پۆڵایینەکەی یوڤێ دەدۆزنەوە.

لە یاری رابردوودا لەنێوان هێڵی بەرگری و هێڵی ناوەڕاستی مۆناکۆدا شێواوییەکی زۆر بەدیدەکرا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی یوڤێ زیاتر خۆی ماندوونەکرد یانیش بڵێین موجازەفەی نەکردو هەوڵی بۆ گۆڵی دیکە نەدا، خراپی مۆناکۆ لە نەبوونی هەمەچەشنی بوو لە کاتی هێرشبردندا، روونتر قسە بکەین، مۆناکۆ زۆربەی کاتەکان تۆپی لە دەرەوەی هێڵی سزا بە پشت بەرگریکەرەکانی یوڤێدا دەنارده نێو شەش یاردە، ئەمەش سەری لە بەرگری و گۆڵپارێزیش تێکدەدا، هەندێجار هێرشبەرەکانیشیان باوەڕیان نەدەکرد کە بەو شێوەیە تۆپیان بۆ دێت، هەر بۆیەش نەیانتوانی سوودیان لێوەربگرن.

تاقیکردنەوەی شێواز و پلانێکی بەرگری نوێ کە پێشتر ئامادەکاری بۆ نەکراوە یانیش بڵێین گەڕانەوە بۆ پلانی پێش 4 ساڵ، کارێکی زەحمەتە بەڵام سەری گرت، ئالێگری بە 3 بەرگریکەر یاریکرد، ئەمە لەمێژە رووینەداوە لە یارییەکانی چامپیۆنزلیگدا، راستە سەردەمی کۆنتی ئەمە پلانی A بوو، هەندێجاریش ئالێگری بەکاریهێناوە، بەڵام بەراستی بەرامبەر مۆناکۆ ئەم جۆرە یاریکردنە، خۆی لە خۆیدا یاریکردنە بە ئاگر، کەچی بەتەواوی سەرکەوتوو بوو، لەلایەک یاریکردنی ئالڤێشی ئاسانتر و ئازادتر کرد، لەلایەکی دیکە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ دروستکردنی هێرشی هەڵگەڕاوەی مەترسیدار.

یاری رابردوو سێریا ئەی بەرامبەر تۆرینۆ و دێربی شارەکە یاریزانانی یوڤێی شەکەت کرد، هەرچەندە زۆربەیان یەدەکبوون، بەڵام زۆر ماندووبوون و جارێکی دیکە پیپیتا بووە فریادرەس، لەگەڵ ئەوەشدا بە ناچاری کۆمەڵێک یاریزانی پشووپێدراو یارییان پێکرا، لەوەش زیاتر یەکلانەبوونەوەی نازناوی سکۆدیتۆی ئەم وەرزە بوو کە دواکەوت بۆ نێو یاریگەی رۆما لە رۆژی یەکشەممەی داهاتوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هزری یانە رەش و سپییەکی قاڵ دەکات و تۆزێک وردە کێشەیان بۆ دروستدەکات.

بوفۆن و بەرگریکەرەکانی 621 خولەکە لە چامپیۆنزلیگدا تۆڕەکەیان نەهەژاوە، کە زیاترە لە 6 یاری لەسەریەک و لە مێژووشدا شتی لەو شێوەیە روونەداوە، بۆیە یەکەم کاری یوڤێ پێش ئەوەی بیر لە گۆڵکردن بکاتەوە، دەبێت باش ئەوەی لە بەرچاوبێت کە تۆڕی گۆڵەکەیان بە پاکی رابگرن، هەر هیچ نەبێت لە بەر بوفۆن با لە دوا وەرزەکانی بەهاری تەمەنیدا وەک باڵۆندۆر و ئەو شتانەیان لێکردووە بە بڤە و لە کۆڵانەکانی ئەو دیو قۆرخکراوە، لێگەڕێن و یارمەتی بدەن خاوەنی ئەم ریکۆردەبێت.

مۆناکۆ دەبێ ئەوەی لە خەیاڵ بێت کە یوڤێنتوس 50 یارییە لەسەریەک لە یاریگەی خۆیدا نەدۆڕاوە، لەو ژمارەیەدا 18 یارییان لە چامپیۆنزلیگ بووە، کەواتە گەورەکانی ئەوروپا نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن، ئایا مۆناکۆی تازە هەڵتۆقیو ئەو کارەی پێدەکرێت؟

لە کۆتاییدا ئەوەش لەبیر نەکەین، مۆناکۆ هەرگیز حسابی بۆ یاریگەی خۆم و خۆت نەکردووە، واتە لە دەرەوەی یاریگەی خۆی پێشبینی ئەو هەموو کارێکی لێدەکرێت، ئیدی 90 خولەکی داهاتوو هەموو شتێک یەکلایی دەبێتەوە.

**ئامارەکان**

* هەرگیز یانەیەکی فەرەنسی نەبووە لە یوڤێنتوس بباتەوە لە قۆناخی چوون و هاتندا، 3 بەرامبەربوون و 11 دۆڕان.
* یانەکانی تۆرینۆ لە دوایین 6 جاردا کە گەیشتبوونە یاری پێشکۆتاییدا، 5 جار توانیانە بگەنە یاری کۆتایی.
* ئەمە جاری چوارەمە مۆناکۆ دەگاتە قۆناخی پێشکۆتایی، پێشتر لە ساڵانی 1994، 1998 و 2004 گەیشتبوو.
* یوڤێ شانبەشانی ریال مەدرید تاکە یانەن کە ئەمساڵ تاوەکو ئێستا لە چامپیۆنزلیگدا نەدۆڕاون.
* دانی ئالڤێش تاکە یاریزانی باڵە کە زۆرترین گۆڵ و ئاسیستی لە چامپیۆنزلیگدا هەبێت، 9 گۆڵ و 25 ئاسیست.




«یوڤێ 50 یارییە بەسەریەکەوە لەنێو یاریگەی خۆی نەدۆڕاوە»

«هەڵگرتنی بەردی گەورە لەلایەن سیمیۆنییەوە نیشانەی نەهاوێشتنیەتی»

«ئەرکی مۆناکۆ و ئاتلێتیکۆ نیمچە مەحاڵە. بەڵام پێویستە رێز لەو 90 خولەکە بگیرێت کە ماوە»

| ئاتلێتیکۆ مەدرید | 0 - 3 | ریال مەدرید |
|---|---|---|

### سیمیۆنی بەردی گەورەی هەڵگرتووە

لە کوردەواریدا باوە کە کەسێک بەردی گەورە هەڵبگرێت نیشانەی نەهاویشتنە، لە ماڵی ئاتلێتیکۆش دوای دۆڕانە شەرمەزارکەرەکەی هەفتەی رابردوو قسەی سەیر و سەمەرەمان بیست، چ لەلایەن راهێنەر یانیش یاریزانانی رۆخی بلانکۆس، ئاخر یەکێک دەبێت ئەو قسانە بکات کە یاری رابردوو لێدانێک زیاتریان بۆ گۆڵی بەرامبەرەکەیان هەبووبێت، لەم حاڵەتەی ئێستادا و لەم کاتە هەستیارەدا زۆر ئەستەمە باوەڕ بەوە بکرێت کە ریمۆنتادایەکی دیکە رووبدات، بارسێلۆنا خۆی نەتوانی دووبارەی بکاتەوە، ئیدی چۆن لە نێوخۆی پایتەختییەکاندا روودەدات، ئێستا ئەوە شتێکە کە دەکرێ رووبدات، بەڵام رێژەکەی زۆر کەمە، تۆپی پێیە ئیدی چاوەڕێی هەموو شتێکی لێدەکرێت.

لای زۆرکەس ئەوە یەکلابووەتەوە کە کۆتاییەکە لەنێوان ریال مەدرید و یوڤێنتوسە، ئەمەش ناکرێ بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت، چونکە دەبێت رێز لەو 90 خولەکەی ماوە بگیرێت، بەڵام هەندێک هۆکار هەن کە وادەکەن بۆ ئەم یارییە ئاتلێتیکۆ جیاوازتر دەربکەون، بۆ نموونە ئەوان ئەگەر بکرێنە دەرەوە دەبێتە جاری چوارەم لەم چوار ساڵەی رابردوودا لەسەر دەستی ریال مەدرید ماڵئاوایی دەکەن یان نازناو لەدەستدەدەن.

جگە لەوەش، ئاتلێتیکۆ ئیدی رەنگە ئەمە دوا وەرزی بێت لەگەڵ سیمیۆنیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمساڵ هیچ دەستکەوتێکی نەبووە، بەڵکو دەکرێ بڵێین خراپترین وەرزی سیمیۆنی بووە لەوەتەی بووەتە راهێنەری ئاتلێتیکۆ مەدرید.

**ئامارەکان**

* هیچ یانەیەک نەبووە لە قۆناخی پێشکۆتاییدا 3 - 0 لە یاری یەکەمدا دۆڕابێت و گەڕابێتەوە.
* لە یاری رابردوو ئاتلێتیکۆ مەدرید تەنیا یەک لێدانیان هەبوو بۆ گۆڵی ریال مەدرید، خراپترین رێژەیە لەسەردەمی سیمیۆنیدا.
* تەنیا یەکجار لە یاری پێشکۆتاییدا بەیەکگەیشتوون، ئەوکاتیش ریال مەدرید گەیشتە فینالْ ئەویش ساڵی 1959 بوو کە ریال مەدرید جامەکەی بەدەستهێنا.
* رۆناڵدۆ 8 گۆڵی لە دوایین 9 گۆڵی ریال مەدریددا تۆمارکردووە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.
* ئانتوان گریێزمان بەشداری لە 50%ی گۆڵەکانی ئەم وەرزەی چامپیۆنزلیگی ئاتلێتیکۆ مەدریددا کردووە، لە وەرزی رابردووە 12 گۆڵ و 3 ئاسیست.

KOREK Telecom

## لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووک لە کورەك




ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (رۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| رۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی رێنماییەکان بکە

411
korektel.com

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (448)
سێشەممە 2017/5/9

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 37)

| شەممە 2017/5/13 | |
|---|---|
| ئیسپانیۆل - ڤالنسیا | 05:00 |
| ئۆساسۆنا - گرانادا | 07:30 |
| **یەکشەممە 2017/5/14** | |
| ئالاڤێس - سێلتاڤیگۆ | 05:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - لیگانێس | 09:00 |
| ئیبار - خیخۆن | 09:00 |
| ریال بیتیس - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 09:00 |
| ریال مەدرید - سڤیلیا | 09:00 |
| ریال سۆسیداد - مەلەگە | 09:00 |
| ڤیاڕیال - دیپۆرتیڤۆ | 09:00 |
| لاس پالماس - بارسێلۆنا | 09:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 84 |
| 2 - ریال مەدرید | 84 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 74 |
| 4 - سڤیلیا | 69 |
| 5 - ڤیاڕیال | 63 |
| 6 - ئەتلەتیک بلباو | 62 |
| 7 - ریال سۆسیداد | 62 |
| 8 - ئیبار | 54 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 53 |
| 10 - ئالاڤێس | 51 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 35 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 26 |
| 3 - ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 20 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 17 |
| 5 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 16 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 37)

| هەینی 2017/5/12 | |
|---|---|
| ئێڤێرتۆن - واتفۆرد | 09:45 |
| وێست برۆمیچ - چێڵسی | 10:00 |
| **شەممە 2017/5/13** | |
| مانچێستەر ستی - لیستەر ستی | 02:30 |
| میدلزبرە - ساوسهامتۆن | 05:00 |
| بۆرنمۆس - بێرنلی | 05:00 |
| ساندێرلاند - سوانزی ستی | 05:00 |
| ستۆک ستی - ئارسیناڵ | 07:30 |
| **یەکشەممە 2017/5/14** | |
| کریستاڵ پالاس - هاڵ ستی | 02:00 |
| وێستهام - لیڤەرپوول | 04:15 |
| تۆتێنهام - مانچێستەر یونایتد | 06:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 81 |
| 2 - تۆتێنهام | 77 |
| 3 - لیڤەرپوول | 70 |
| 4 - مانچێستەر ستی | 69 |
| 5 - مانچێستەر یونایتد | 65 |
| 6 - ئارسیناڵ | 63 |
| 7 - ئێڤێرتۆن | 58 |
| 8 - وێست برۆمیچ | 45 |
| 9 - لیستەر ستی | 43 |
| 10 - ساوسهامتۆن | 42 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لۆکاکۆ | ئێڤێرتۆن | 24 |
| 2 - کەین | تۆتێنهام | 21 |
| 3 - کۆستا | چێڵسی | 19 |
| 4 - سانچێز | ئارسیناڵ | 19 |
| 5 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 18 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (چێڵسی - میدلزبرە) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 36)

| شەممە 2017/5/13 | |
|---|---|
| فیۆرەنتینا - لازیۆ | 07:00 |
| ئەتەلانتا - میلان | 09:45 |
| **یەکشەممە 2017/5/14** | |
| ئینتەرمیلان - ساسۆلۆ | 01:30 |
| بۆلۆنیا - پیسکارا | 04:00 |
| کالیاری - ئیمپۆلی | 04:00 |
| کرۆتۆنی - ئۆدینێزی | 04:00 |
| پالێرمۆ - جینەوا | 04:00 |
| سامپدۆریا - ڤیرۆنا | 04:00 |
| تۆرینۆ - ناپۆلی | 04:00 |
| رۆما - یوڤانتۆس | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 85 |
| 2 - رۆما | 78 |
| 3 - ناپۆلی | 75 |
| 4 - لازیۆ | 70 |
| 5 - ئەتەلانتا | 65 |
| 6 - میلان | 59 |
| 7 - ئینتەرمیلان | 56 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 56 |
| 9 - تۆرینۆ | 50 |
| 10 - سامپادۆریا | 46 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | رۆما | 27 |
| 2 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 25 |
| 3 - هیگواین | یوڤانتۆس | 24 |
| 4 - مێرتێنس | ناپۆلی | 24 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 24 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 37)


| یەکشەممە 2017/5/14 | |
|---|---|
| باستیا - لۆریان | 10:00 |
| بۆردۆ - مارسیلیا | 10:00 |
| مۆناکۆ - لیل | 10:00 |
| مۆنپیلیە - لیۆن | 10:00 |
| نانت - گانگۆن | 10:00 |
| نیس - ئەنجی | 10:00 |
| میتز - تۆلۆز | 10:00 |
| سانت ئیتیان - پاریس سانجێرمان | 10:00 |
| دیجۆن - نانس | 10:00 |
| کان - رین | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مۆناکۆ | 86 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 83 |
| 3 - نیس | 77 |
| 4 - لیۆن | 61 |
| 5 - مارسیلیا | 58 |
| 6 - بۆردۆ | 57 |
| 7 - سانت ئیتیان | 50 |
| 8 - نانت | 48 |
| 9 - گانگۆن | 47 |
| 10 - رین | 47 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 33 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 24 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 19 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 18 |
| 5 - فلۆران | مارسیلیا | 16 |

## ئەمڕۆ بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت..

# فیفا ئابلۆقە لەسەر یاریگەی فەرەنسۆ هەریری هەڵدەگرێت



**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

فیفا نزیکەی لەوەی بەڕێوەچوونی یارییە دۆستانەکان لەسەر یاریگەکانی عێراق هەڵبگرێت و ئەمڕۆ سێشەممەش بڕیارێک لەبارەوە لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئاسیا دەردەچێت.

سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەڤانیی نزیک لە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی نێوان سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق و سەرۆکی فیفاو سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا، بەشێوەیەکی زارەکی لە بەحرێن ڕێککەوتوون ئابلۆقەی وەرزشی لەسەر یاریگەکانی فرەنسۆ هەریری لە هەولێر، کەربەلا و بەسرە، هەڵبگیرێت و بەشێوەیەکی ئەزموونی تاوەکو 3 سێ مانگ یاری نێودەوڵەتی لێ بەڕێوەبچێت.

سەرچاوەکە هەروەها گوتی «ڕەنگە ئەمڕۆ سێشەممە یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا ڕەزامەندیی پیشانبدات بۆ بەڕێوەچوونی یاریی نێوان زەورا و جەوییە لە جامی یانەکانی ئاسیا لە یاریگەی فرەنسۆ هەریریدا».

سعود موهەنەدی، جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئاسیاو لەلای خۆیەوە پەسنی شاری هەولێر و یاریگەی فرەنسۆ هەریری دەدات و لە لێدوانێکدا دەڵێت «ئەو یاریگەیە لە ساڵی 2012 بە باشترین شێوە میوانداریی یاریی کۆتایی جامی ئاسیای کردووەو لە هەموو ڕوویێکەوە ئامادەیە، بۆیە پێمانباشە یاریی جەوییەو زەورا لە هەولێر بکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرپرسانی عێراق دەیانەوێت یارییەکە ببەنە کەربەلا، بڕیاردراوە سێشەممە بڕیاری کۆتایی لەم بارەوە بدرێت».

هەر لەم چوارچێوەیەدا یانەی جەوییە ئامادەیە لە هەولێر یاریبکات، بەڵام زەورا ئامادە نییە یارییەکەیان لە هەولێر ئەنجامبدەن.

ڕێبین ڕەمزی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «یاریگەی فرەنسۆ هەریری بە ڕێژەی زیاتر لە 90% بۆ میوانداریکردنی یارییە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی بۆ یاریی نێوان جەوییە و زەورا لە جامی یانەکانی ئاسیا ئامادەیە». هەروەها گوتیشی «یانەی هەولێر لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و هاندانی هەڵگرتنی ئابلۆقەی وەرزشی سەر یاریگەکانی عێراق، هەروەها بۆ هاندانی کەرتی گەشتیاری و هاتنی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی بۆ هەولێر، ئامادەیە میوانداریی یارییە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها یاریی نێوان جەوییە و زەورا بکات».

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 33)

| شەممە 2017/5/13 | |
|---|---|
| بایرلیڤەرکۆزن - کۆڵن | 04:30 |
| فرایبۆرگ - ئینگۆلشتات | 04:30 |
| دارمشتات - هێرتا بەرلین | 04:30 |
| ڤێردەربریمەن - هۆفنهایم | 04:30 |
| فۆلفسبۆرگ - مونشنگلادباخ | 04:30 |
| ماینز - فرانکفۆرت | 04:30 |
| ئۆگسبۆرگ - بورۆسیا دۆرتمۆند | 04:30 |
| شاڵکە - هامبۆرگ | 04:30 |
| لایپزیگ - بایرن میونشن | 04:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 76 |
| 2 - لایپزیگ | 66 |
| 3 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 60 |
| 4 - هۆفنهایم | 58 |
| 5 - فرایبۆرگ | 47 |
| 6 - هێرتا بەرلین | 46 |
| 7 - کۆڵن | 45 |
| 8 - ڤێردەربریمەن | 45 |
| 9 - مونشنگلادباخ | 43 |
| 10 - شاڵکە | 41 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 28 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 28 |
| 3 - مۆدیست | کۆڵن | 25 |
| 4 - ڤێرنێر | لایپزیگ | 19 |
| 5 - گۆمێز | فۆلفسبۆرگ | 15 |

## یارییەکان

یوڤانتۆس - مۆناکۆ
09:45
چامپیۆنزلیگ
سێشەممە 9/5/2017

ئەتلەتیکۆ مەدرید - ریال مەدرید
09:45
چامپیۆنزلیگ
چوارشەممە 10/5/2017

مانچێستەر یونایتد - سێلتاڤیگۆ
10:05
یۆرۆپالیگ
پێنجشەممە 11/5/2017

لیۆن - ئەجاکس
10:05
یۆرۆپالیگ
پێنجشەممە 11/5/2017

لایپزیگ - بایرن میونشن
04:30
خولی ئەڵمانیا
شەممە 13/5/2017

تۆتێنهام - مانچێستەر یونایتد
06:30
خولی ئینگلتەرا
یەکشەممە 14/5/2017

ریال مەدرید - سڤیلیا
09:00
خولی ئیسپانیا
یەکشەممە 14/5/2017

رۆما - یوڤانتۆس
09:45
خولی ئیتاڵیا
یەکشەممە 14/5/2017

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (448)
سێشەممە 2017/5/9

## 10 خولەک دەرکردن



سەرچاوەکانی هەواڵ لە بەریتانیا ئاشکرایانکرد یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی یاسایەکی نوێ لە تۆپی پێدا جێبەجێدەکات، کە تایبەتە بە سزادان و دەرکردنی یاریزان لە یاریگەدا. بەپێی ئەو سەرچاوانەی هەواڵ یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر جێبەجێکردنی یاسای «دەرکردنی کاتی» لە خولی پلە شەش و حەفتەکاندا. بەپێی ئەو یاسایە یاریزان لەسەر هەندێ سەرپێچی بۆ ماوەی 10 خولەک لە لایەن ناوبژیوانەوە لە یاریگە دەردەکرێت و دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە نێو یاریگە.

# تاتۆیەکەی ئیکاردی 5 مانگی خایاندووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Tango**

ماورۆ ئیکاردی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی وێنەی تاتۆیە تازەکەی بڵاوکردەوە، کە لەسەر سینگ و قۆڵەکانی کێشراوە. ئەو تابلۆیە هونەرییە لە ڕووخساری شێرێک پێکهاتووە، کە هێمایە بۆ خۆی لەگەڵ دوو بێچووە شێر، کە هێمایە بۆ دوو کچەکەی فرانشیسکا و ئیزابێلا، لە هاوسەرەکەی نمایشکاری جلوبەرگ واندا نارا. ئیکاردی ئەو وێنەیەی لەسەر ئەژماری خۆی لە ئینستاگرام بڵاوکردەوەو لەسەری نووسیوە «دوای 3 دانیشتن لە ماوەی 5 مانگ، ئەو شێوەیەی لێ دەرچوو. وەک نەریتێک هاوڕێم ئارتۆ سوپاس بۆ تۆ، بۆ ئەو تابلۆیە هونەرییە، کە هی دوو خۆشەویستە بچووکەکەم فرانشیسکا و ئیزابێلایە».

ماکسی لۆپێزی ئەرجەنتینی، هێرشبەری ئێستای تۆرینۆ، ساڵی 2013 لە واندا نارا جیابووەوە، دوای ئەوەی دەرکەوت لەگەڵ ئیکاردی هاوڕێی پێشووی لە سامپادۆریا ناپاکی لێکردووە. دوای ئەوە ئیکاردی نارای هێنا و تاتۆیەکی بۆ 3 منداڵەکەی لۆپێز لە نارا لەسەر دەستی کووتی، ئەوەش هەستیارییەکی زۆری لەگەڵ لۆپێز دروستکرد، کە لەوەتەی بە فەرمی لە نارا جیابووەتەوە لەپێش یارییەکاندا تەوقە لەگەڵ ئیکاردی ناکات.



### چەند ڕۆژێکە ماڵەکەیان ئابڵۆقە داوە..

# ڕێوی هێرش دەکەنە سەر گورگەکەی لیستەر ستی



**ڕووداوی وەرزشی ـ The Sun**

لیستەر ستی، یانەکەی جیمی ڤاردی بە یانەی گورگەکان ناسراوە، بەڵام وادیارە ڕێوییەکان دەیانەوێ ئەو گورگە ڕاوبنێن، لەبەرئەوە ماڵی ئەویان هەراسان کردووە.

جیمی ڤاردی، هێرشبەری لیستەر ستی ئینگلیزی، دیوارێکی پۆڵاینی لە چواردەوری ماڵەکەی دروستکردووە، کە بەهاکەی 2.5 ملیۆن پاوەندە، لەبەرئەوەی چەند ڕۆژێکە ڕێوی ئابڵوقەی ماڵەکەیان داوە. ڕۆژنامەی The Sunی ئینگلیزی باس لەوە دەکات، جیمی ڤاردی دووپاتیکردووەتەوە، چەند ڕۆژێکە ڕێوی چواردەوری ماڵەکەیان گرتووەو هەوڵدەدەن ئەو مریشکانە بڕفێنن، کە ڤاردی هەیەتی، بۆیە ناچار بووە دیوارێکی پۆڵایین دروست بکات، تاوەکو ڕێوییەکان نەتوانن هەڵکوتنە سەر ماڵەکەی.

ئەستێرەکەی لیستەر ستی، مریشکێکی زۆر لە ماڵەکەی بەخێو دەکات و هەندێ سەوزەشی لە باخچەی ماڵەکەی چاندووە، لەوەتەی لەگەڵ ڕیبیکای دۆستی هاوسەرگیرییان کردووە، بۆ ئەوەی هێلکە و سەوزەی تازەی بە خۆڕایی دەستکەوێت.

ڤاردی، لە حوزەیرانی ڕابردوودا هاوسەرگیری لەگەڵ ڕیبیکا کردووە، چەند ڕۆژێکی کەم پێش چوونی بۆ کەمپی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، بۆ بەشداریکردن لە ڕکابەرییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (یۆرۆ 2016) لە فەرەنسا.

### پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

گالاس محەممەد لە سەیدسادق

بە لێدوانی:

(تەماشای ئەم دووانە، خۆی بۆ خۆی لێدوانە)

# دیکتاتۆر هاندەری کالیارییە



**ڕووداوی وەرزشی ـ The Sun**

ئەنتۆنیۆ ڕازی، ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئیتاڵیا دووپاتی دەکاتەوە، کیم جۆن ئۆنی سەرۆکی کۆریای باشوور کە بە «دیکتاتۆر» ناسراوە، لە شەیدایانی کالچیۆیە و هاندەرێکی سەرسەختی یانەی کالیارییە. ڕۆژنامەی The Sunی ئینگلیزی باس لەوە دەکات، ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پیرانی ئیتاڵیا دووپاتی کردووەتەوە، دیکتاتۆرەکەی کۆریای باکوور ئاگای لە هەموو شتێکی کالچیۆیە، چونکە هاندەری کالیارییە، کە هاووڵاتیەکەی کوانگ سۆنگ هان لە ڕیزەکانی یاری دەکات.

ڕازی لە بارەی کیم جۆنەوە، گوتی «هەموو شتێک لەبارەی خولی ئیتاڵیا و خولی باسکەی پیشەگەرانی ئەمریکا دەزانێت». هەروەها گوتیشی «یوڤانتۆس لە یاریگەی بیۆنگ یانگ یاری دەکرد، کە یاریگەیەکی گەورەیە و پڕبوو لە جەماوەر، ئەویش یەکێک لە ئامادەبووانی ئەو یارییە بوو».




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە